# هەفتەنامەی فیدراسیۆن

ژمارە 1

هەفتەنامەی فیدراسیون ، بلاوكراوەیەكی هەفتانەی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

11 تشرینی دووەمی 2007

## هەفتەنامەی فیدراسیون و چەند ووشەیەك

دوابەدوای كۆنگرەی فیدراسیون یەكێك لەو مەیدانە سەرەكی یانەی كەدەست بەجێ سكرتاریەتی فیدراسیون خستیە دەستوور كاری خۆیەوە تاوتۆی كردن و بریاردان بوو لەسەر مەیدانی كاروباری ڕاگەیاندنی فیدراسیون و وەك هەنگاویكی سەرەتای بڕیار لەسەر ئەوەدرا هەوڵ بدرێت گۆڤارێكی مانگانە دەربكرێت كەتیدا لە سنووری ئامانج وبەرنامەكانی فیدراسیوندا باس ووتارو لێكۆڵینەوەو ڕەخنەی سیاسی و ... تێدا بخریتە ڕوو. بەلام پاش تێپەڕاندنی ماوەیەك بینیمان كە بۆشایەكی گەورە لە رووی لە مەیدانی هەلسوڕانی فیدراسیوندا بەدی دەكرێت كە لەلایەكەوە ڕیگرە لەبەردەم بلاوبوونەوەی زۆرترین و زیاترین ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی فیدراسیون وخستنەڕووی كارو چالاكیەكانی، لەلایەكی تریشەوە فراوانی ئاستی بزوتنەوەی پەنابەری پیویستی بە هۆكارێكی كاراوعەمەلی وفەوریتر بوو هەربۆیە لە دواین كۆبوونەوەی فیدراسیوندا بریاردرا لەسەر ئەوەی كە هەفتە نامەیەكی 4 لاپەڕەی دەربكرێت كە بتوانیت وەلامدەرەوە بیت بە نیازو پیداویستیەكانی فیدراسیون و بوزتنەوەی پەنابەری. لەمبارەشەوە ئەرك و ئەولەویاتەكانی ئەم بلاوكراوەیە لە پلەی یەكەمدا زیاتر تەرخان كرا ..... بۆ لاپەرە ...

## بـــا ڕۆژی 9\11 بكەینە ڕۆژی ڕاوەستانەوە دژ بە دیپۆرتكردنەوەی پەنابەران بـــۆ كوردستان

هەلۆمەرجی ژیانی پەنابەرانی عێراقی وبەتایبەت پەنابەرانێك كە لەكوردستانی عێراقەوە هەلاتوون، ئێستا لە ئەوروپا گیرساونەتەوە , بێئەندازە سەخت و نائینسانیە. پاش چەندین ساڵ لەچاوەڕوانی لەهایمەكانی پەنایەران و دابڕان لەكارو لەژیانی ئاسایی, پاش بەهەدەرچوونی تەمەنی لاویتی ، ئێستا زۆربەی وولاتە ئەورپایەكان بریاری گێرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كوردیان داوە لەپێشیانەوە حكومەتی بەریتانیا نزیكەی 100 پەنابەری لەو هەزاران پەنابەرە دیپۆرت كردۆتەوە.، پێویستە بە تەواوی تواناوە دژ بەم بڕیارە دژی ئینسانیە ڕابوەستیەوە . لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا, بەردەوام دەوڵەتانی ئەوروپا مەسەلەی ئاسایش بوونی كوردستانی عێراقیان كردۆتە بەهانەیەك بۆ ڕەفزو وەلامنەدانەوەو سستی وەلامدانەوەی داواكارانی ماف پەنابەری پەنابەرانی كوردستانی عێراق و بەردەوام هەڕەشەی دیپۆرت كردنەوەیان لیٚ دەكرێت. ئەوەی كە عەمەلی نەبۆتەوە بۆیان لەلایەك نارەزایەتی فراوان ومانگرتن وخۆپیشاندانی گەورەی خودی پەنابەران و پشتیوانی ڕێكخراوە ئینسانیەكان و پەنابەریەكان بووە بەڕووی ئەم پلانەداو لەلایەكی دیكەوە كێشەی ڕێگاو بان و تەكنیكی بووە.

## فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی، هەر جۆرە پەلاماردان و دەستدرێژی و لەشكركیشییەكی حكومەتی توركیا بۆ سەر خەڵكی كوردستان سەركۆنەو محكوم دەكات

دۆینیٚ بە ناوی پاراستنی توركمانەكانی كەركوك و ئەمرۆ بە ناوی پاراستنی ئەمنیتی قەومی توركیاوە، جارێكی تر كاربەدەستانی دەوڵەتی سۆڤینستی توركیا بەبەهانەی چالاكی پەكەكەوە كەوتۆتە تەبلیغاتی جەنگی و لەشكركێشی سەربازی وخەریكە زەمینەی پەلاماردانێكی بەربڵاوی سەربازی بۆسەر ناوچەكانی كوردستانی عیراق بەری دەخات، كەبێشك بۆتە مایەی سەرگەردانی و ئاوارەی گوندەكانی سەرسنوری كوردستان. دەوڵەتی فاشستی توركیا بەخاتری راگرتنی هاوسەنگی سیاسی خۆی و دەخاڵەتی لە بارودۆخی سیاسی عیراقدا ئامادەیە دەست لەهیچ تاوان و كوشتارێك نەپارێزیٚ وژیانی ئێستاو داهاتووی خەڵكی كوردستان بۆبەرژەوەندییە گلاوەكانی خۆی بخاتە بەردەم سیناریۆیەكی تاریك و بیدەرەتانییەوە. ئەمەش زەنگێكی خەتەرەو ئایندەی كوردستان لەبەردەم پێشهاتنی بارودۆخێكی نالەبارو پرمەترسی و دەربەدەری دا رادەگریٚ، كەلە هەر ئینسانێكی ئازادی خواز ورێكخراوە ئینسان دۆستو حزب و ولایەنەكان و پشتیوانی نیو دەوڵەتی دەخوازیٚ كەراستەوخۆ ولەئاستیكی فراواندا دژ بەم هێرش ودەستدریژیانەی دەولەتی توركیا خەبەردار بكرێن ورابوەستنەوە.



درێژەی ... بـا ڕۆژی 11\9 بکەینە ڕۆژی ڕاوەستانەوە دژ بە دیپۆرتکردنەوەی پەنابەران.....

بەلام ئێستا ئیدی لایەنی تەکنیکی و ڕێگاوبان بەیارمەتی وماملەی حکومەتی هەرێم چارەسەر کراوەو کارێك کەپێویستە بکرێت هاتنە مەیدانی ڕیزی فراوان و یەك پارچەیی پەنابەران خۆیانە.

لەبەرامبەر سیاسەتی بەزۆر دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عێراقی لەلایەن دەوڵەتانی ئەورووپا وەرنە مەیدان. هەڵومەرجەکە بەتەواوی جددی و مەترسیدارە. فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی بڕیاری بەری خستنی کەمپێنێکی سەرتاسەری داوە لەگەڵ ڕیزێکی فراوان لەلایەنە ئینسانیەکان دەچێتە ئەم خەباتەوە و بوارنادات جێبەجێ بکرێت. ئێمە بریارماندواە لەتەواوی وڵاتانی ئەورووپا لەبەرامبەر ئەم بریارە نائینسانی و ناقانوونیە بەهەموو تواناماناوە بووەستینەوە.

پەنابەران. ڕێگا نادەین مامەڵە بەسەرژیان و چارەنووسمانەوە بکرێت لە ئەورووپا و پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەسمی ڕایگەیەنێ کە ئەوان پەنابەران وەرناگرنەوە. داواکارییەکانمان لەدەوڵەتانی ئەورووپا ئەوەیە:

1- ڕاگرتنی هەموو جۆرە دیپۆرتێکی پەنابەران بۆ کوردستانی عێراق

2- بەرەسمیێت ناسینی ماف پەنابەری وماف نیشتەجێبوون بۆ سەرجەم پەنابەرانی کوردستانی عێراق . هاواکات داواکارین لە کۆمیسیاری باڵای پەنابەری سەربەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

- فشار بهێنێ بۆ وولاتە ئەورپاییەکان تا سیاسەتی دیپۆرتکردنەوە لەسەر پەنابەرانی کوردی عێراقی ڕاگرن.
- ماف پەنابەری وماف نیشتەجێ بون بدەن بە تەواوی پەنابەرانی کوردی عێراقی

سویسرا:

کات :ڕۆژی هەینی 9-11-2007 :کاتژمێر دوو نیوی پاشنیوەڕۆ تا چواروونیو

شوێن : بیرن ئایگەر پلاتس کۆدەبینەوە بەپێ بەرەو فابرین تابەردەم وەزارەتی کاروباری پەنابەران

بەریتانیا: لەندەن بەردەم بارەگای کۆمیساری باڵای پەنابەری سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان (UNHCR)

کاتژمێر: 1 تا 3 پاشنیوەڕۆ نزیکترین ئیستگای قیتاری Waterloo لەسەر خەتی ڕەساسی

بۆ زانیاری زیاتر لە لە بەریتانیا پەیوەندی بکەن بەئاسۆ گۆران بەژمارەی (07895636633) و سامان سەردەم بەژمارەی (07799507141)

سویسرا پەیوەندی بکەن :

ئەحمەدعەلی. 0788532004

جەمال کۆشش 0787557786

زوریخ / موحەممەد عەبولکریم 0786754781

حیسەم علی 0762059372

بێرن / شەهاب سالم 0764950577

سەنت گالن /فازل عوسمان 0797266974

خور/ناسیح ئەحمەد 0788794566

دانا عوسمان0792670277

توون/کازم قادر0764927349

ناوشاتێل/جەبار موحەممەد 0786420560

زیۆن/ ریبوار ئەحمەد 0765314580

ئاراو/ئەنوەر مەحمود عەبدوڵا 0764147532

سکرتاریەتی فیدراسیۆنی سەتاسەری پەنابەرانی عێراقی 24-10-2007

## دەتوانن پەیوەند بکەن بە سکرتاریەتی فیدراسیونەوە

دەشتی جەمال: d.jamal@ntlworl.com

جەمال کۆشش:

jamal-hasan@hotmail.com

بابان عسمان: badasoz74@hotmail.com

جاسم غفور: jasm_rg@yahoo.couk

عمر ئەمین: omaramin8@hotmail.com

ئاسۆ گۆران :

asobalabarz116@hotmail.com

سۆزان حسین : irakco@hotmail.com

ڕێبوار عارف : fediraq@welho.com

ناونیشانی پۆستی سکرتاریەت

IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK

## هەڵسوراوانی فیدراسیۆن لەگەڵ ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی بەشی پەنابەران لە سوید کۆدەبنەوە:

لەڕۆژی 28-10 کاوە کریم هەڵسوراوی فدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی چاوی بە Magdalena Streijffert ئەندامی پەرلەمانی سویدو بەرپرسی بەشی پەنابەران لە پەرلەمانی سوید، کاوە کەریم قسەوباسێکی کوتی سەبارەت بەدۆخی پەنابەرانی عیراقی بەتایبەتی پەنابەرانی کورد لە سوید کرد سیاسەتی دەوڵەتی سویدی لەمەر ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی ...، پاشان داوای کرد کە هەوڵی جدی بدەن لەپەرلەماندا تا بتوانن بڕیاری ناردنەوەی پەنابەرانی کوردو عیراقی هەڵبووەشێننەوە.

بەرێز Mgdalena خۆشحالی خۆی بۆ دانیشتنەکە دەربڕی، هەروەها پشتیوانی خوی بۆ قسەکانی کاوە کەریم دەربڕی ، ئاماژەی پەوەشکرد ئێستا لەپەرلەمانی سویدی ادا هەر سی حزبی سوشیال دیموکرات ، چەپ، حزبی سەوز خەریکی ئامادە کردنی پێشنیارێکن لەم پەیوەندیەدا بۆ بەردەم پەرلەمانی سوید بەمەبستی گۆڕینی ئەو یاسایەی دائیرەی پەنابەرانی سوید، هەروەها بەڵێنی ادا کەپێش گەلاڵەکردنی پێشنیارەکەیان کاوە کەریمی لێ ئاگادار بکات تاکو بۆچوونی خوی لەسەر بدات، هەروەها لەکۆتایدا جەختی لەسەر ئەوە کرایەوە کە بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاربوونی دۆخەکە لە پەیوەندیەکی بەردەوام بن لەگەڵ یەکدا لە داهاتوودا.

هەرلەهەمان ڕۆژدا کاوە کەریم چاوی بە مونا سەلینی سەرۆکی حزبی سوشیال دیموکرات سوید کەوت، کە گەورەترین حزبی ناو پەرلەمانی سویدە، کاوە کەریم مەسەلەی هێرشی تورکیا بۆسەر کوردستانی عیراقی، مەسەلەی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی لەگەڵ باسکرد . مونا سەلین سەرەڕای پشتیوانی خوی بۆ خەڵکی کوردستانی عیراق، بەڵێنی ادا هەوڵی جدی لەسەر ئەم دوو کەیسە بدات.

## هەواڵەکانی ناوەندی هەوگری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی

1- ناوەندی هەوڵگری فیدراسیۆن لە یەکێك لە راگەیاندنەکانی لە 23-10 لە کوردستانەوە هەوڵەکەی پێگەیشتبوو رای گەیاند:ژمارەیەك پەنابەری دیکە لەرێگای عەمانەوە ،دیپۆرتی فرکەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر کرانەوە دەرباز محمد لەپەیوەندیەکی تەلەفوونیدا بە فیدراسیۆنی راگەیاند، ،رۆژی 17-10 لەگەڵ سێ پەنابەری دیکە کاتژمێر 640 بەیانی لە لەندەنەوە بەریان دەخەن بۆ عمان پاشان بۆ کوردستان دیپۆرت دەکرێنەوە، کاتژمێر 2 شەو بەکاتی کوردستان دەگەن فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر لەگەڵ دوو پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەوێشەوە تا 10 بەیانی رادەگیرین و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. دەرباز ووتی (بەزۆر و بە کەلەپچەکراوی منیان هێنایەوە فرۆکەخانەی هەولێر هیچ کێشەیەکم نەبوو تەنها وەڵامی پەنابەریم رەتکراوەتەوە،وە لەویش تەسلیم بە ئاسایش کراین وهیچ نارەزایەتیەکیان دەرنەبری و ئەو دوو پۆلیسەی لە بەریتانیاوە لەگەڵمان بوون دوای ئەوەی ئیمەیان تەسلیم کردەوە ئەوانیش یەکسەر گەرانەوە بۆ عەمان... ئەو سێ پەنابەرەی تر خۆیان ئیمزایان کردوە بیان نێرنەوە بەلأم منیان بە زۆر و بە فشار ناردۆتەوە ..لەکاتی ئیمزای پۆلیسدا گیراوم..)

2- ناوەندی هەوڵگری لەگرتووخانەی هامسۆرسەوە رۆژی 31-10 رای گەیاند:دوو پەنابەری کورد بەزۆرە ملێ راپێچی فرۆکەخانەی هیسرۆ کران بۆ دیپۆرتکردنەوە ئەمرۆ کاتژمێر 10 سەرلەبەیانی هەردوو پەنابەر (ئارم عبدوڵا ، دڵزار محمد) دوو پەنابەری کوردی عیراقی لە گرتووخانەی هامسۆرس بەزۆرە ملێ رەوانەیان

دەکەن بۆ فرۆکەخانەی هیسرۆ لە لەندەن ، وا بریارە کاتژمێر 5 ئێوارە رەوانەی عەمان بکرێن لەوێشەوە دیپۆرتی فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی هەولێر بکرێنەوە. ئەم هەواڵە لەرێگای پەیوەندیەکی تەلەفوونی لە گرتووخانەی دەستبەسەری هامسۆرس بە سکرتارێتی فیدراسیۆن راگەیەنرا .

3- ناوەندی هەواڵگری لە لەندەنەوە رایگەیاند کە رۆژی 5-9 کاتژمێر 5 ئێوارە دوو پەنابەری کوردی عیراقی رەوانەی کوردستان دەکرێنەوە بەپێی پەیوەندی تەلەفونی دوو پەنابەری کوردی عیراقی بەسکرتاریتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی لە فرۆکەخانەی لەندەنەوە ، کاتژمێر 5 ئێوارەی ئەمرۆ هەر دوو پەنابەر(ئالان ،رێباز) پەنابەری کوردی عیراقی بە تەیارەی بار هەڵگر وا بریارە لەرێگای فرۆکەخانەی عەمانەوە رەوانەی فرۆکەخانەی نیو دەولەتی هەولێر بکرێنەوە. ئەو پەنابەرانە بە فیدراسیۆنیان راگیاند یەکێکیان لەگەراجی سەیارە شتن گیراوە ئەوی تریان هێشتا خۆی تەسلیم نەکروە و ئاێستا لە سەیارەیەکی ڤانی پۆلیس لە فرۆکەخانە لەندەن راگیراون وا بریارە 3 چارەکی تر رەوانەی کوردستان بکرێنەوە.

4- ناوەندی هەوڵگری لە هەوڵکی خۆیدا لە کوردستانەوە رای گەیاند:سێ پەنابەری تر دیپۆرتی کوردستان کرانەوەبەپێ پەیوەندی کەسوکاری یەکێك لەو پەنابەرانەی بەزۆر رەوانەی کوردستان کرایەوە ،دوێنی کاتژمێر 5 ئێوارە سێ پەنابەری دیکە لە رێگای فرۆکەخانەی لەندەنەوە بەرو ئەردەن لەوێشەوە بەرو فۆرکەخانەی نیو دەولەتی هەولێر دیپۆرتکرانەوە ،هەمان سەرچاوە رای گەیاند کاتژمێری 10 سەرلەبەیانی ئەمرۆ گەیشتوونەتە شاری هەولێر.

### 5- هەواڵەکانی لەندەن:فیدراسیۆن پەنابەرێکی دیکە لە مەترسی گێرانەوە رزگار دەکات .

ئەمرۆ پەنابەر (محمد عبدول رەحمان) نۆینەری فیدراسیۆن لە گرتووخانەی دەستبەسەری کامسفیلد هاوس کە بریار بوو رۆژی 17-10 رەوانەی عمان پاشان بۆ کوردستان دیپورت بکرێتەوە ئازاد کرا .

محمد یەکێکە لەو پەنابەرانەی کە پاش ئەوەی 12-2-2007 بە فرۆکەی سەربازی لەگەڵ 37 پەنابەری کورد رەوانەی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر کرایەوە، دەگەرێتەوە بۆ بەریتانیا بەدوای چەند رۆژێك دەست بەجێ رەوانەی گرتووخانە دەستبەسەری پەنابەران کرا ،پاش ئەوەی فیدراسیۆنی لە هەواڵی گرتنی ئاگادار کردەوە، لەلایەن فیدراسیۆنەوە پاریزەری بۆدەگیرێت و پاشان رێکخراوەکانی ماف مرۆڤ ودەزگاکانی راگیاندن لەم هەواڵە ئاگادار دەکرێتەوە، خۆشبەختانە دوای هەوڵێکی بێ ووچان ئەمرۆ ئازاد کرا و فیدراسیۆنی لەم هەواڵە ئاگادارکردەوە.

شایەنی باسە هەر لەم چەند رۆژەدا دوو پەنابەری دیکە لە گرتووخانە دەست بەسەرەکانی بەریتانیا کە تیکتی گێرانەوەیان پێدرابوو رۆژی 10-10 یەکێکیان ئازاد کرا ئەوی تریش گێرانەوەی بۆ کوردستان راگیرا .

6- هەوڵەکان لە ئەڵمانیاوە کاروانی مافەکان بۆ پەنابەران و کۆچبەران بەرامبەر بە هێڵی ئاسمانی زاگرۆس کەمپینی نارەزایەتی بەرێدەخەن بەپێی ئەو هەواڵانەی لە رێگای کاروانی مافەکانی پەنابەران و کۆچبەران و رێکخراوی گەنجانی بێ سنور لە ووڵاتی ئەڵمانیاوە بەدەستی سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی گەیشتووە، لەماوەی مانگی یەکەوە تا مانگی 8 ی ئەمساڵ زیاتر لە 8 پەنابەری کوردی عیراقی لە شاری فرانکفۆرتەوە راستەوخۆ دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیودەوڵەتی هەولێر کراونەتەوە.

هەمان سەرچاوە رای گەیاند ناردنەوەی ئەم پەنابەرانە بەزۆرە وە لەمانگی 8وە هەموو هەفتەیەك پەنابەرێك دیپۆرت کراوەتەوە و ئەم پرۆسەیە بەردەوام دەبێت.

بەرپرسی ئەم کەمپینە بەسکرتاریتی فیدراسیۆنی راگەیاند ئەوان کەمپێنێکی سەراسەریان راگەیاندوە و دوو داواکاریان خستۆتە بەردەم هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لە فرانکفۆرت کە ئەویش: 1- هێڵی ئاسمانی زاگرۆس رازی نەبن تیکت بفرۆشن بە حکومەتی ئەڵمانیا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران

2-دەست بەجێ هەر تیکتێك بۆ گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران فرۆشراوە هەڵبوەشێنەوە..

تەرخانکرا بۆ ڕاگەیاندن وکاروچالاکیەکانی فیدراسیون وراپۆرت وهەندیك بابەتی کورتی پەیوەندار بەبزوتنەوەی پەنابەریەوە کەدیارە هەمووئەمانە پێویستیان بە هاوکاری ولێبڕانێکی زۆری هەموو هەلسوڕاوانی فیدراسیون و هەر ئینسانێکە کەخوازیاری ئەویە بزوتنەوەی پەنابەری لە جێگەو ڕێگەیەکی باشتر بەهرەمەند بێت !
چاوەڕوانی هاوکاریتان بۆ ژمارەکانی داهاتووی هەفتەنامەی فیدراسیون !

**ڕێبوار عارف**

2007 / 11 / 11

## فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی، هەر جۆرە پەلاماردان و دەستدرێژی و لەشکرکیشییەکی حکومەتی تورکیا بۆ سەر خەڵکی کوردستان سەرکۆنەو محکوم دەکات

دۆینێ بە ناوی پاراستنی تورکمانەکانی کەرکوک و ئەمڕۆ بە ناوی پاراستنی ئەمنیتی قەومی تورکیاوە، جارێکی تر کاربەدەستانی دەوڵەتی شۆڤینستی تورکیا بەبەهانەی چالاکی پەکەکەوە کەوتۆتە تەبلیغاتی جەنگی و لەشکرکێشی سەربازی وخەریکە زەمینەی پەلاماردانێکی بەربڵاوی سەربازی بۆسەر ناوچەکانی کوردستانی عیراق بەڕێ دەخات، کەبێشك بۆتە مایەی سەرگەردانی و ئاوارەی گوندەکانی سەرسنووری کوردستان.

دەوڵەتی فاشستی تورکیا بەخاتری ڕاگرتنی هاوسەنگی سیاسی خۆی و دەخاڵەتی لە بارودۆخی سیاسی عیراقدا ئامادەیە دەست لەهیچ تاوان و کوشتارێك نەپارێزێ وژیانی ئێستاو داهاتووی خەڵکی کوردستان بۆ بەرژەوەندییە گلاوەکانی خۆی بخاتە بەردەم سیناریۆیەکی تاریك و بیدەرەتانییەوە. ئەمەش زەنگێکی خەتەرەو ئایندەی کوردستان لەبەردەم پێشهاتنی بارودۆخێکی نالەبارو پرمەترسی و دەربەدەری دا رادەگرێ، کەلە هەر ئینسانێکی ئازادی خواز وڕێکخراوە ئینسان دۆستو حزب و لایەنەکان و پشتیوانی نیو دەوڵەتی دەخوازێ کەراستەوخۆ ولەئاستیکی فراواندا دژ بەم هێرش و دەستدریژیانەی دەولەتی تورکیا خەبەرداربکرێن ورابوەستنەوە.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئەم هەڵوێستە شەرخوازانەیەی دەوڵەتی تورکیا بەتوندی ئیدانەو محکوم دەکات و بەوپەڕی تواناوە لەکەناری خەڵکی کوردستان وپاراستنی بەرژەوەندیەکان و داهاتوویەکی ئینسانی بۆ خەڵکی کوردستان رادەوستێ.

هاوکات داوا لەتەواوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە ئینسان دۆست و حزب و لایەنە سیاسی و پەرلەمانتارەکانی ئەوروپا و خەڵکی ئازادی خوازی دنیا دەکات فشاربهێنن بۆ ڕاگرتنی دەست بەجێ لەشکرکێشی وهەڕەشەکردن وتۆپ بارانکردنی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرخەڵکی کوردستان وناکام کردنەوەی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیە..

**سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی 17-10-2007**

### چالاکێکانی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دژ بەلەشکرکێشی دەولەتی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان:

- سکرتاریتی فیدراسیۆن بەیانی نارەزایەتی بەزمانی کوردی و ئینگلیزی دژ هەرەشەی هێرشی سەربازی سوپای تورکیا بۆ سەر هەریمی کوردستان ئاراستەی تەواوی رێکخراوە پەنابەری وئینسانی ویەکیتی کریکاری و ئەندامٖ پەرلەمانی ئەوروپا و بەریتانیا کرد .
- بەشداری لە خۆپیێشاندانەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق کە لەندەن و سویسرا وسوید و فنلندا سازدرابوو
- یەکیتی کریکاری PCS و کۆمەڵەی رزگاری کریکاری ورێکخراوی دژ بە ناردنەوەی پەنابەران ورێکخراوی No Sweat لە بەریتانیا و رێکخراوی لاوانی بیٚ سنور ورێکخراوی کاروانی بەرگری لە پەنابەران و کۆچ بەران لە ئەڵمانیا نامەی نارەزایەتی ئاراستەی بالۆیزخانەکانی تورکیا دەکەن لە وولاتەکان .
- چاوەپیێکەوتنی سکرتیری فیدراسیۆن لەبەرنامەکانی ئاسۆ تی ڤی تەلەفیزیوونی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ،رادیوی فیدراسیۆن لە ستۆکۆڵم .
- بەشداری سکرتیری فیدراسیۆن لە پانیڵکی تەلەفزیوونی presstv لەگەڵ نۆینەری UNHCR و ڕێکخراوی ستیزن لە سەر بارودۆخی نائەمنی عیراق وکوردستان و هەڕەشەی حکومەتی تورکیاو ئاکامە زیانبارەکانی لە ئاوزارەی و دەربەدەری بۆ خەڵکی کوردستان .
- سکرتیری فیدراسیۆن بۆ ئەم مەبەستە بە رێکخراوی عفوی دووەلی و UNHCR بە تەلەفوونی پەیوەندی دەگرێت.
- جەمال کۆشش ئەندامی سکرتاریتی فیدراسیۆن لەخۆپیشاندانی سویسرا ووتاری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەریمی کوردستان پیێشکەش دەکات.

### داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیمکراتی کوردستان بەتووندی ئیدانە دەکەین !

بەپیٚ ی هەواڵەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردودا، لە بەنارنامەیەکی هاوبەشی نیوان پارتی و یەکیەتی لە شارەکانی هەولیر، سلیمانی، دهۆك بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیمکراتی کوردستان داخران .

بەهانەیەك کەلەپشت ئەم کردەوە ناشایستە دژ بە ئازادیەدا خۆ دەنووێنێت، نەبوونی مۆڵەتی ڕەسمی حزبێکە کە تائیستە لە دوو هەلبژادرنی حکومەتی عیراق وهەرێمی کوردستاندا بەشداری کردوە کەئەگەر تەنانەت بەپیٚ ی یاساکانی خۆشیان بێت بۆ وەرگرتنی مۆلەتی کارکردنی هەر حزب و ڕێکراوێك پاش تێپەڕبوونی 40 ڕۆژ بەسەر داوای مۆلەت وەرگرتندا، لە حالەتی وەلام وەرنەگرتنەوەدا ئیتر ئەو حزبە بەکردەوە لە مۆلەتی ڕەسمی بەهرەمەند دەبێت .

هەربۆیە داخستنی بارەگارەکانی پارتی چارەسەرەی وەك پارتێکی هاوسۆزوهاوشانی PKK ، هیچ شتێك نیە جیاواز لە زنجیرەی ئەو هەنگاوانەی کە دژ بە PKKئەنجام دەدریت .

هەقیقەت ئەوەیە ئەم هەنگاوەش وەك هەنکاوەکانی تری چەند ڕۆژی ڕابردو لەپەیوەند بەقەدەغەکردنی خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان دژ بەحکومەتی تورکیا بەڵگەنەویستێکی تری ڕۆشننە بۆ خۆ گونجاندنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی حکومەتی هەرێم لەگەڵ نەخشەو پیلانەکانی حکومەتی مالکی دا دژ بەPKK کە دواترینیان دانانی گەمارۆی ئابوریە لەسەر سنووری نیشتەجی بوونی PKK لە قەندیك وناوچەکانی تردا .

هەربۆیە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی داخستنی بارەگاکانی پارتی چارەسەری دیمکراتی کوردستان و ڕێگرتن لە خۆپیشاندان و هەموو هەنگاوەکانی تری دژ بە PKK وە ك کۆمەڵێك هەنگاوی دژ بەئازادی هەلسوڕانی سیاسی وئازادی بەیان و ڕێکخراوبوون دەزانێت و بەتووندی ئیدانەیان دەکەین و پیێمان وایە کە ئەم ڕێگەوڕەوشتانە هاوکات لەگەل ئەوەدا کەدژ بەمافە سەرەتایەکانی خەڵکی کوردستانە هەروەها بەکردەوە ڕاونان وناچارکردنی خەڵکی کوردستانە بە ڕووکردنە هەرەندەران. بۆیە دوا لە هەموو حزب وڕێکخراوە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان دەکەین کەئەم کرەوە سەرکوت گەرانەی حکومەتی هەرێم بەتووندیئیدانە بکەن!

فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی